ڕاگەیاندنی ژمارە – 2 -

## عیراقی و ئیرانی یەکان داکۆکی لە ئازادی بیروڕادەربڕین دەکەن !

### بڵاوکراوەی ( هێلسنکی سانۆمات ) هەواڵی ئاکسیۆنی ( بژی ئازادی بیرورا دەربرین )ی بڵاوکردەوە !

ئەمڕۆ بلاوکراوە هێلسنکی سانۆمات کە بلاوکراوەیەکی سەرتاسەری فنلاندی یە کە رۆژانی پشووی هەفتە بە تیراژی 1300000 دەردەچێ لە ژمارە ( 38469) 41 دا هەوالی ئاکسیونی ڕۆژی هەینی بۆ داکۆکی کردن لە ئازادی بیروڕادەربرین بلاوکردەوە کە مانیشتی هەوالەکە بەم شێوەبوو : ( عیراقی و ئیرانی یەکان داکۆکی لە ئازادی بیروڕادەربڕین دەکەن ) .

بلاوکراوەی ناوبراو دەنووسێ ( بەداکۆکی کردن لە ئازادی بیرورادەربرین عیراقی و ئیرانی یەکان ڕۆژی هەینی لە ناوەڕاستی شاری هیلسنکی بیروڕای خۆیان ڕاگەیاند. لەم ئاکیسۆنەدا دەیەها کەس لە خەڵکی عیراقی و ئیرانی بەدەنگی بەرز شیعاری " چۆنمان بوێ وا دەنووسین ، ڕێگە بە کۆنەپەرستی مەدەن " دەوتەوە.

ڕێکخەری ئەم خۆپیشاندانە عومەر بەهادین واتە ( ڕێبوار عارف) ووتی مەسەلەی کاریکاتۆرەکان کراوەتە یاری یەکی سیاسی و ئیسلامی سیاسی ئەم دۆخەی کردوەتە بەهانەیەك بۆ دژایەتی کردنی ئازادی بیروڕادەربرین و هەلویست گرتن و دژایەتی کردن لەگەل ماف سەرەتای یەکاندا . لەم نێوەدا ئەوەی جێگەی مەترسی یە ڕاست و ڕاسیزم لە لایەك و لەلایەکی تریشەوە کۆنەپەرستی و ئیسلامی سیاسی پێ ی بەهێز دەبێ .

لە کۆتایدا هیلسنکی سانۆمات ئاماژەی بەوە دەکات کە بەشدرابووانی ئەم ئاکسیۆنە لەم لایەنانە پێکهاتوون:

ڕێکخراوی ژنانی عیراق لە فنلاند ، فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی ، ڕێکخراوی بیکارانی هیلسنکی .

کۆمیتەی تەشیلاتی حزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق لە فنلاند

تەشیلاتی حزبی کۆمۆنیستی کریکاری ئیران – حکمەتیست فنلاند

2006 / 2 / 11